# باشترین وەڵام بۆ هەڕەشەکانی سیستانی بەهێز کردنی کۆنگرەی ڕیفراندۆمە بۆ سەربەخۆیی کوردوستان

هیدایەت مەلا عەلی

خەڵکی کوردوستان ڕۆژانەی یەکە یەکە پەردەی شانۆگەریەك دەبینن که سەرتاپای پڕیەتی لە ترس و دڵە ڕاوکێو هەڕەشەو نیشاندانی شمشێری خوێناوی و ئەڵقەی ڕومانەی دەستورو یاسای کۆنەپەرستانە و دژی ئینسانی .35 سال دەسەڵاتی ڕەشی بەعس , داگیرکاری ئەمەریکاو سیناریۆی ڕەش ,ئەنجومەنی کاتی , دەستوری کاتی , حکومەتی کاتی , هەڵبژاردن و دەستوری هەمیشەی . ئەمانەی من ناوم هێنان تەنها عیبارەتێك و چەند ووشەیەك نیە بەڵکو ئەو ڕووداو دۆزەخانەن کە بۆ خەڵکی عێراق بە گشتی و بۆ خەڵکی کوردوستان بە تایبەتی تاو دراوە . داگیرکاری ئەمەریکاو سیناریۆی ڕەش لە گەڵ خۆی سەربڕین و ئینسان کوژی و تیرۆریزمی ئیسلامی سیاسی و تێکەڵ کردنی نان و خوێنی هێنا بۆ خەڵك . دەستەتاقمی ئیسلامی و حوجرە و مەلاخانەکانیان لەم سیناریۆ ڕەشدا بۆ ڕەشتر کردنی ژیانی مەدەنی و شارشتانی خەڵك دەوریان گێڕاوە و هەرچی لە توانایاندا هەبووبێت بۆ سەپاندنی دەستورو بەدیلی دژی ئینسانی و کۆنەپەرستانە کەمیان نەهێناوەو دەستی ڕەشی خۆیان گەیاندووە بە هەر شتێ کە بۆنی تەمەدون و ئازادیخوازی لێوە هاتبێ . تەقاندنەوە , هەڕەشە لە ژنان و هەوڵ دان بۆ گۆڕینی ڕۆژەکەیان , حیجابی ئیجباری بەسەر منالاَندا , کردنی ئاخوند بە بەڕێوەبەری نەخۆشخانە , جیاکردنەوەی خوێندکارانی کوڕ وکچ لە زانکۆکان , نووسین و هەڵواسینی وێنەو ژەهراوی ئاخوندەکان لە ژووری فەرمانگاکاندا . ئەمانە ئەو کردەوە ڕەشانەن کە ئیسلامی سیاسی بە هەموو جۆرەکانیەوە لە سەری ڕێکەوتوون لە دژی خەڵك و ڕۆژانە جێبەجێی دەکەن . سیناریۆی هەڵبژاردن و گاڵتەجاڕی دەنگ دان و بەناو سەرکەوتنی لیستێك کە سیستانی پشتیوانی لێدەکات دەمی شمشێری ئەم ئینسان کوژانەی لە هەساندا جارێکی تر و ئەم جارەیان بە شەرعیەتی هەڵبژاردن و بەشی زۆری کورسیەکانی مەلا خانەو عەشیرەتخانەو قەومی خانەکانیانەوە دەیانەوێت هێرش و هەڕەشەیەکی سەرتاپاگیرو هەمەلایەنە بۆ سەر ژیان و گوزەرانی خەڵك بەڕێبخەن . لەدوای هەڵبژاردن و بەشەرمەوە ئاشکرا کردنی بەشو کورسی هەر لایەك کەلاوەکەی سیستانی لە ڕاگەیاندنیەکیدا ڕایگەیاند دەبێت ئیسلام تەنها سەرچاوەی دەستور بێت و جیای دین لە دەوڵەت خەتی سوورە و مافەکانی ژنان لە چوار چێوەی شەریعەت و یاسا کۆنەپەرستانەکەی ئیسلامدا بێت . ئەمە یەکەم پەیامی سیستانیە بۆ خەڵکی عێراق بە گشتی و بۆ خەڵکی کوردوستان بە تایبەتی ئەمە ئەو پەیامەیە کە سەردەمی جەهل و نەزانین و بەڕێخستنی دواکەوتوترین نەزم و نیزام بە ڕووی خەڵکی موتەمەدین و خوازیار بە ژیانێکی ئینسانیدا دەدات . ئەوەی لە پەیامە ژەهراویەکەی سیستانیدا هاتووە گۆڕینی ژیانی شارشتانی و پێشکەوتووی کۆمەڵگایە بۆجەهەنمێك کە تەنها جانەوەرانی وەك خۆیان بتوانن تێیدا ژیان بکەن و دەست بەسەر سەروەت و سامانی کۆمەڵایەتی خەڵکیدا بگرن .ئەم ژەهراوە دەیەوێت خامەنەئی و ڕەفسنجانیەکان بۆ سەرکوتی خەڵك دەسەڵات بگرن و تەواوی کۆمەڵگا لە نەهامەتی و کوێرەوەری و بێمافی هەڵکێشن.ئەم هەڕەشانە لە هەناویدا حەملەی ترسناکترو خویناوی تری هەڵگرتووە ئامانج لەم حەملەیە کێشانی عەبایەکی ڕەشە بەسەر ژیانی سپی سەرجەم کۆمەڵگادا . هەڵبژاردن ئەو پرۆسە چەواشەکارانە بوو کە ئەحزابی ناسیۆنالیستی کورد بە

کاری هێنا بۆ بردنی بەش لە دەسەڵاتی مەرکەز و ئیلحاق کردنەوەی کوردوستان بە عێراق و بۆ ناو ئەم هەڕەشەو شمشێر ڕاوەشاندنانەی سیستانی و تاقمەکەی . ڤیتۆی سێ پارێزگاو شەراکەت لە دەسەڵات و سەرۆکی وولات و پۆستی سیادی چاو بەستێکی فریوکارانەیەو ئەم حاڵەتانە تەنها دەتوانێت بەشی سەرمایەگوزاری سەرانی ناسیۆنالیستی کورد ئەگەر شانسیان هەبێت دیاری بکات و هیچ پەیوەندیەکی نیە بە چارەنووس و ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردوستانەوە .گێڕانەوەی خەڵکی کوردوستان بۆ وولاتێ بە قەومی عەرەبی پێناسە کرابێت و شمشێر بووەشێنرێت بۆ ئەوەی ئیسلام تەنها سەرچاوەی دەستوور بێت هیچ نیە بێجگە گێڕانەوەی خەڵکی کوردوستان بۆ پلە دووی و کارەسات و ئەنفال و کیمیای و زیندان . خەڵکی کوردوستان فرسەتێکی زێڕینی لەبەر دەستدایە بۆ ئەوەی مل بەم قەسابخانەیە نەدات خەڵکی کوردوستان لە هەلومەرجێکی جیهانی و ناوچەی و ناوخۆی گرنگ بەهرەمەندە بۆ ئەوەی مل بە پلە دووی و میوان بوون نەدات . جیابوونەوەی کوردوستان و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆیی غەیرە قەومی و غەیرە دینی ئەو ڕێگا چارەیەیە کە خەڵکی کوردوستان لە پریشکی ئاگری ئەو شەڕە دەپارێزێت . لەم پێناوەدا ڕێکخراوی کۆنگرەی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردوستان ڕاگەیندراوەو کار دەکات بۆ بەر گرتن بە ڕوودانی کارەسات بەسەر خەڵکی کوردوستان ودەرکێشانی خەڵکی کوردوستان لەو هاوکێشە سیاسیەی کە هەڕەشەی لێدەکات و وەك ئینسان و هاوولاتی پلە یەك حیسابی بۆ ناکات کۆتای هێنان بەم هەڕەشانە و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی شایستە بە ژیانی خەڵکی کوردوستان لە گرەوی بە هێز کردن و پەیوەست بوونی خەڵکی کوردوستانەوەیە بە ڕێکخراوی کۆنگرەی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردوستان . با ئەم ڕێکخراوە بەهێز بکەین و کۆتای بە هەڕەشەکان بهێنین .

بەرەو کوردوستانی سەربەخۆ

بژی خەڵکی کوردوستان

بژی کۆنگرەی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردوستان

Hidayat_malaali@yahoo.com

2005/2/20